# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Khabat Technical Institute | |
| Department | The Legal Administration | |
| Module Name | Civil Service Law | |
| Module Code | CSL403 | |
| Degree | Technical Diploma ☑ Bachler ☐<br>High Diploma ☐ Master ☐ PhD ☐ | |
| Semester | 4th | |
| Qualification | | |
| Scientific Title | Diploma | |
| ECTS (Credits) | 7 | |
| Module type | Prerequisite ☐ Core ☐ Assist. ☐ | |
| Weekly hours | | |
| Weekly hours (Theory) | ( 2 )hr Class | ( 2 )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( 2 )hr Class | ( 2 )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | Abdulhakim Othman Hamadamin | |
| E-Mail & Mobile NO. | Abdulhakim.hamadamin@epu.edu.iq<br>07504491941 | |
| Lecturer (Practical) | Abdulhakim Othman Hamadamin | |
| E-Mail & Mobile NO. | Abdulhakim.hamadamin@epu.edu.iq<br>07504491941 | |
| Websites | Epu.edu.iq | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | **باسێکی کۆرس**<br><br>ئەو زانستە هەموو بابەتەکانی یاسا دەگرێتەوە، کە خۆی لە مانای یاسا وتایبەتمەندیەکانی وئەو رەگەزانەی کە لێی پێکهاتووە، ئەو سەرچاوانەی کە هێزی پابەندبوونی لێ وەردەگرێت. وە سەرچاوەکانی یاسا دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدان و لقەکانی یاسا وجۆرەکانی ئەو رێسایانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا پەیرەو دەکرێت، وە چۆنیەتی زانیاری وەرگرتن لەسەر لێکدانەوەو رەتکردنەوەی رێگاکانی گەیشتن بە زانیاری دەربارەی حوکمەکانی ئەو یاسایە کە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەدا کە خۆی لە بیردۆزی یاسا دەبینێتەوە.<br><br>ئەو بابەتە تەنها خۆی لە بابەتەکانی بیردۆزی یاسا نابینێتەوە بەڵکو بیردۆزی مافیش دەگرێتەوە، هەروەها حوکمی یاسا بەرامبەر رەفتارەکانی کۆمەڵگە و زاڵکردنی بەرژەوەندی هەندێکیان بەسەر هەندێکی ترەوە لە کاتی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکانیان لە کاتی پێدانی ماف بەیەکێکیان و پێدانی دەسەڵات بە دەسەڵاتی گشتی لەوبارەوە.<br><br>کەواتە پەیوەندی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان یاساو مافدا بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین ماف هیچ نرخێکی نیە مادام یاسا دانی پێدا نەنێت و نەیپارێزێت.<br><br>دراسەکردنی زانستی یاسا دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر: یەکەمیان لێکۆڵینەوە لەیاسادا بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەکانی یاسا، دووەمیان توێژینەوە دەربارەی ئەو مافانەی لە پەیوەندیە یاساییەکانی نێوان کەسەکان و رێگاکانی پارێزگاریکردنیان بۆ باسکردنی بیردۆزە گشتیەکەی. |
| **Course objectives** | ئامانجی کۆرس<br><br>ئامانج لەو کۆرسەی خوێندن گەشەپێدان وبەهێزکردنی توانای زانستی قوتابیانی قۆناغی یەکەمی بەشە کارگێریەکان بە گشتی و بەشی کارگێری یاسایی بە تایبەتی، وە ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی باش. وە پێدانی زانیاری دروست لەو بارەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەو زانستی و ڕۆشنبیری وکارکردنی پراکتیکی. هەروەها ئامانجمان لەو پلانە ئەوەیە کە زانیاری تەواو بدەینە قوتابی لە بارەی سەرچاوەکانی پەیوەست بە بابەتی زانستی یاسا، چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو |

| | |
|---|---|
| | سەرچاوانە. وە هۆشیار کردنەوەی قوتابیان دەربارەی گرنگی زانستی یاسا وەکو زانستێکی جیاواز لە کارگێڕی بنەماو ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها ناساندنی گرنگی پێگەی زانستی یاسا کە بەشێکی دانەبڕاوە لە هەیکەلی ڕێکخستنی دەزگاو دامەزراوە نوێیەکان، وە پێدانی زانیاری بە قوتابیان کە زانستی یاسا سەربەخۆیە، وە فێرکردنیان لە بنەما جۆراوجۆرەکانی ئەو زانستە پڕ بایەخە بۆ شێوازێکی چالاک لە گفتوگۆکردن لە گەڵ جەماوەرو هۆشیارکردنەوەیان لەو بوارەدا. گومان لەوەدا نیە کە قوتابیانی کارگێڕی پێویستیەکی زۆریان هەیە بۆ فێربونی ئەو زانستە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وورد و دروست و بە پێی پەیڕەوی دانراو کە بنیاد نرابێ لەسەر بنەمایەکی باشی زانستی و ئەکادیمی. هەروەها بۆ ئەوەی بەڵگەو دەرەنجامەکانیان بتەو و قایلکەر بێت. وە قوتابی پشت ئەستوور بێ بە باوەڕ بە خۆبوون وئەو بەرنامەو پرۆگرام و ڕێگەی کە گرتوتیەبەر لە خوێندنی بابەتی زانستی یاسا. لە کۆتایی بە فێربوونی ئەو بابەتە قوتابیان دەبنە کەسی کارامەو شارەزای باش لە بواری زانستی یاسای پەیڕەوکراو لە کارگێڕیدا. |
| **Student's obligation** | ئەرکی قوتابیان<br>پێویستە قوتابیان پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێن:<br>• پابەند بوون بە دەوام و ئامادەبوون لە کاتی وانەکاندا.<br>• دوای تێپەڕبونی ١٠ خولەک لە هاتنی مامۆستای بابەت بۆ هۆڵی خوێندن ڕێگە دەدرێت قوتابی دواکەوتوو بێتە ژورەوە بۆ ئەوەی بابەتەکەی لە دەست نەچێت، بەڵام بە بێوار (غیاب) هەژمار دەکرێت.<br>• پابەند بوون بە تاقیکردنەوەکانی کتوپڕ و لەناکاودا ( کویز).<br>• ئامادەکردن وپێشکەشکردنی ڕاپۆرت و سیمنار و پەیپەر وگفتوگۆی تایبەت بە بابەتەکە.<br>• کارکردن بە شێوەی گروپ لە ئەرکەکانیاندا.<br>• پابەندبوونیان بە ئەرکی ماڵەوە تایبەت بە زانستی یاسا.<br>• پابەندبون بە ئامادەبون لە تاقیکردنەوەکانی وەرزیدا.<br>ڕێگە نادرێت تاقیکردنەوە دووبارە بکرێتەوە مەگەر بە بیانویەکی قایل کەری پزیشکی پشت ڕاستکراوە لە لیژنەی نەخۆشخانە حکومیەکان. |
| **Required Learning Materials** | ئامرازەکانی فێرکردن<br>لە ماوەی ئەمساڵی خوێندن دا قوتابیان فێردەکرێن بە هۆی بەکارهێنانی هۆیەکانی نوێی فێرکردن وەکو کۆمپیوتەری کەسی ( لاپتۆپ) و داتاشۆ بە پیشاندانی بابەتە زانستیەکان لە ڕێگەی سلایدە ئامادەکراوەکان لە ڕێگەی بەرنامەی پاوەر پۆینت و وۆرد و بەکار هێنانی بۆردی سپی هەڵواسراوی دیواری و نمونەی پەڕاوە جۆراوجۆرەکانی |

زانستی یاسا و هۆکارەکانی تری زانستی وەکو هۆیەکانی پەیوەندی( بەرنامەی مودڵ، زووم، ڤایبەر، ماسنجەر، ....هتد). هەروەها هەڵبژاردنی ناونیشانە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان و برگە سەرەکیەکان وبابەتە گرنگەکان و شەرح کردن و قسەکردن لەسەریان کە پێویستیان بە ڕونکردنەوە هەبێت. ئەو هۆکارانە سەرنجی قوتابی ڕادەکێشێت بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی زیاتری بابەتەکە و سود وەرگرتن لە تەواوی بابەتەکە. پێویستە لەسەر قوتابیان کە بەدواداچونی تەواوی بابەتەکە بکەن و بیروهۆشیان لەسەر بابەتەکە بێت لە کاتی شەرحکردنی بابەتەکە. هەروەها پێویستە پابەند بن بە دەوامکردن. لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی قوتابی و تێگەیشتنی بابەتەکان پەیوەستە بە بەشداری کردنی قوتابی و ئاراستەکردنی پرسیار و گفتوگۆکردن لە ناو هۆڵی خوێندندا و چەسپاندنی بابەتە گرنگەکان لە ناخی بیری قوتابیان ئەمەش بە بەشداری کارای قوتابیان دێتەدی.

**Evaluation**

| Task | | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | | | |
| Assignments | Homework | | | |
| | Class Activity | | | |
| | Report | | | |
| | Seminar | | | |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| Quiz | | | | |
| Lab. | | | | |
| Midterm Exam | | | | |
| Final Exam | | | | |
| Total | | | | |

**Specific learning outcome:**

**دەرەنجامی فێربوونی قوتابیان لەم کۆرسە**

دوای کۆتایی هاتنی ئەو کۆرسە لە فێربونی بابەتی زانستی یاسا دەرەنجامی باشی بۆ قوتابیان دەبێت لە فێربونی ئەو زانستە گرنگە بەهەموو شێوازەکانیەوە، هەروەها نەهێشتنی ئەو کەموکووڕیانەی کە قوتابی هەیەتی لەو بارەوە کە لە بواری کارگێڕیدا سوودی لێ وەردەگرێت ، وە فێربونی ئەو بابەتە پەیوەندی بەتینی هەیە بەپەیداکردنی هەلی کار لە دەرەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت وکەرتی گشتی و زانکۆکان و ڕای گشتی وەکو کەرتی تایبەت وکۆمپانیاکان سودی لێ دەبینێت، کە ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن تاکو هەلی کار بۆخۆیان پەیدا بکەن وە لە میانەی کارکردنیان لە کارگێڕی وبوارە جیاوازەکانی تری پەیوەست بەکارگێڕی سەرکەوتوبن. هەروەها بۆ کەرتی گشتی سوودی زۆری هەیە لە هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی کادیری چالاک لەو بوارەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بوارەکانی زانستی یاسادا.

| | |
|---|---|
| | |
| **Course References:** | • عبدالقادر القيسي: اثر الفعل الجنائي للموظف. عام 2011.<br>• عثمان سليمان غيلان العبودي: شرح احكام انظباط موظفي الدولة, عام 2010.<br>• غازي فيصل مهدي: شرح احكام قانون التقاعد, 2014.<br>• **عبدالقادر صالح عبدول: شرۆڤەی حوکمەکانی یاسایی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت,** 2015.<br>• **عبدالقادر صالح عبدول: بریارە کارگێریەکان,** 2017. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| **کورتە باسێکی مێژوویی سەبارت بە سەردەمی عوسمانیەکان و بەریتانیەکان لە( عێراق ). پێناسەی فەرمانبەر بەشێوەیەکی گشتی** | **یەکەم** | |
| **ئەرکەکانی فەرمانبەری گشتی.** | **دووەم** | |
| **ئەو کارانەی فەرمانبەر نابێ بیان کات و ڕەوشتی فەرمانبەری سەرکەوتوو چییە.** | **سێهەم** | |
| **ناکرێت ئەو جۆرە فەرمانبەرانە دوای دەوامی فەرمی کاربکەن .** | **چوارەم** | |
| **مەرجەکانی دامەزراندن لە عێراق و هەرێمی کوردستان .** | **پێنجەم** | |
| **جۆرەکانی فەرمانبەرایەتی و سیاسەتی هەڵبژاردنی فەرمانبەر.** | **شەشەم** | |
| **چۆنیەتی دەست بەکاربون و ماوەی دەست بەکاربوون.** | **حەوتەم** | |
| **مۆلەتی فەرمانبەر لەیاسای ڕاژەی شارستانی** | **هەشتەم** | |
| **شایستەدارایەکانی تایبەت : مادەی( 10 )لە یاسای موجەی فەرمانبەری( دەولەت )کەرتی گشتی لەیاسای ژمارە( 22 )ی** | **نۆیەم** | |
| **فەرمانبەری ژێر چاودێری و چەسپاندنی.** | **دە یەم** | |
| **سزادانی فەرمانبەری گشتی** | **یازدەهەم** | |

| | | |
|---|---|---|
| کۆتاهێنانی بە کاری وەزیفی خانەنشینی | دوازدەهەم | |
| | | |
| **Practical Topics** | **Week** | **Learning Outcome** |
| | | |

## Questions Example Design

**پرسیاری یەکەم:**

**پێناسەی (سێ)لەمانەی خوارەوەبکە:**

1- پێناسەی (فرنسی) بۆفەرمانبەر.
2- پێناسەی عێراقی بۆفەرمانبەر.
3- پێناسەی یاساناسان بۆ فەرمانبەران.
4- پێناسەی میلاك.

**پرسیاری دووەم:**

**لقی یەکەم:**

باس لەم برگەیاساییانەبکەکەتاییەتن بەکارکردن فەرمانبەر دوای کاتەکانی دەوامی فەرمی.

**لقی دووەم:**

باس لەم فەرمانبەرانەبکەکە ناکرێت دوای دەوامی فەرمی کاربکەن.

**پرسیاری سێ یەم:**

**وەلآمی راست بۆئەم دەسەواژانەی خوارەوە دەست نیشان بکە:**

1- کەفەرمانبەر ئاگەداردەکرێتەوە بەفەرمانی دامەزراندنی ئەوە دەبێت لەماوەی-----رۆژ دەست بەکاربێت لەفەرمانگەکەی.
أ- (10) ب- (15) ج- (7).
2- دەکرێت ئافرەتی پەرستار لەتەمەنی جەند-----سالی دادەمەزرێت.
أ-(15) ب-(18) ج(16).
3- دەرماله بروانامە نابێت لەجەند ----- تێپەربکات.
أ-(75٪) ب-(100٪) ج-(90٪).
4- جەند کات بۆماوەی جەسپاندن فەرمانبەر دیاری کراوە------.
أ-(6) مانگ ب-(1)سالٚ ج(9) مانگ.
5- دەرجوانی پەیمانگە تەکنیکیەکان دووای سالێك موجەکەیان-----جەند زیاد دەکات.
أ-(20000) هەزار ب-(31000) ج-(45000).

**پرسيارجوارەم:**

**فەرمانبەرێك دامەزراوە لە 19-6-2004 وە لە 20-6-2004 دەست بەكاربووە, لە ماوەی یەكەم ساڵی خزمە**

**ئەم مۆڵەتانەی وەرگرتووە:**

**8-12-2004 مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی (3) ڕۆژ وەرگرتووە.**

**20-2-2005 مۆڵەت بۆ كاری پێویست بۆ ماوەی (2) ڕۆژ وەرگرتووە.**

**ئایا ڕۆژی چەسپاندنی چە بەروارێكە؟**

**وەڵامی پرسیاری(1).**

1- **پێناسەی فەرەنسی (هەر كەسێك كارێكی هەمیشەی پێ پسپێردرێت لە خزمەت كردنی كەرتی گشتی كە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات یان یەكێك لە كەسەكانی یاسای گشتی.**

2- **پێناسەی عیراقی: هەر كەسێك فەرمانبەرایەتیەكی هەمیشەی پێ بسپێردرێت لە ناو میلاكی تایبەت بە فەرمانبەران. (مادەی 2 لە یاسای ڕاژەی شارستانی).**

3- **میلاك: كۆمەڵە وەزیفەو پلەیەكی بۆ دیاریكراوە كە موسادەقەی لەسەركراوە بە پێی یاسای بوجەیان لایەن وەزیری داراییەوە.**

4- **فەرمانبەر لەلایان یاسا ناس: ئەو كەسەیە بەكاردێت بەشێوەیەكی دروست هەڵدەستێت بەم ئەرك و بە پرسیایەتیە كە پێی راسپێردراوە بەرامبەر بە بڕە مووچەیەكی دیاری كراو.**

**وەڵامی پرسیار(دووەم) لقی یەكەم.**

1- **فەرمانبەر بۆی هەیە دوای دەوامی فەرمی كاری تایبەتی خۆی یان لەكەرتی تایبەت كاربكات لە پلە (7) و بەرەو خوار واتا پلە (7, 8, 9, 10), وە دەبێت ساڵی جارێك ئاگاداری فەرمانگەكەی بكاتەوە بە شوێنی كاری و رواڵەتی كاری وە نابێت كارەكەی وای لێبكات كەوا ئەركەكانی وەزیفەی پێ جێبەجێ نەكرێت.**

2- **وەزیر یان كەسەی وەزیر دەسەڵاتی پێدەدات و ڕێگا بە فەرمانبەر دەدات كە دوای دەوامی فەرمی بۆ خۆی یان لە كەرتی تایبەتی كاربكات لە پلە (6) بە سەرەوە واتا پلە (1, 2, 3, 4, 5, 6) بۆ ماوەی ساڵێك وە دەكرێت بۆی نوێ بكرێتەوە.**

لقى( دووەم ).

1- ئەو فەرمانبەرانەی کە بە مەرسومی کۆماری یان فەرمانی سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران دادەمەزرێن واتا تايبەتيەکان واتا ( أ-ب ) لەگەڵ وەزیران.

2- فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە.

3- کارمەندانی ڕاژەی دەرەوە ( باڵیۆزەکان, سکرتێرەکان, قونسولەکان, ...هتد ).

وەڵامی پرسیاری( سێ یەم ).

1- ج ( 7 ).
2- ج ( 16 ).
3- ب ( 100٪ ).
4- ب ( 1 )ساڵ.
5- ب ( 31000 ).

وەڵامی پرسیاری چوارەم ). وەڵام:

| | |
|---|---|
| ڕۆژی دەست بەکاربوون بۆ یەکەم جار | 2004-6-20 |
| دەبێت لەم بەرواره بچەسپێت | 2005-6-20 |
| +مۆڵەتی نەخۆشی | - 3 |
| +مۆڵەتی کاری پێویست | -2 |
| بە کۆکردنەوە | |
| بەرواری چەسپاندنی | 2005-6-25 |

**Extra notes:**

**External Evaluator**

دوای پێداچوونەوەی تەواوم بە کۆرسی
کەتەلۆگی (ڕازە شارستانی) بینیمان تەواوی
ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری پەیڕەو کردووە

دەست خۆشی لێ دەکەم.

پ.ی.د/ عبد الملك عثمان محمد امين